

# عیشقی تۆ

هۆنراوەی شالاو

هەموو عومرم لەپێناوی
دوو چاوی کالی تۆ دانا
ئەوەی لە عیشقت بەجێما
بۆ من تەنهاخەم وژانا
ڕۆژانێک بووخۆشەویستی
لەنێوانمان بێ سنووربوو
ئەوەی لە یەکتریمان دەکات
لەلای ئێمە گەلێک دووربوو
پێم بڵێ گوڵم کێ تۆی گۆڕی
کێ ی ترگوڵی بۆ هێناوی
وا لەگەڵ من سەربەجەنگی
دەست وپەنجە بەخوێناوی
بۆچی دیارە تۆنازانی
چارەنووسی عیشق وایە
چەندەها کەس سەریان دانا
لە پێناوی ئەم ڕێگایە
دڵی منیش هێندە تەنگە
وەک باخی بەرڕەشەبایە
لە گەڵ مەرگی هەر گوڵێکا
دڵی منیش لە گەڵدایە ..

shallaw1@hotmail.com